هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
سێ شەممە 2018/3/13 ژمارە (5470)
خەبات

# سێیەم هەڵمەتی هاوکارییەکان گەیەندرایە مووسڵ



هەڵمەتێکی دیکەی هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و دەوڵەتی کوێت دەگەیەنرێتە گەڕەکی حەی خەزرا ناو شاری موسڵ و تیایدا هاوکاری خۆراکی گەیاندرایە 750خێزانی شارەکە.

ڕێکەوتی 2018/3/11دەزگای خێرخوازیی بارزانی و دەوڵەتی کوێت لە سێیەمین هەڵمەتی هاوکارییەکانیان بۆ ناوشاری موسڵ هاوکاری خۆراکییان بەسەر 750 خێزانی گەڕەکی حەی خەزرای موسڵ دابەشکرد کە خێزانەکان تیایدا لە دۆخێکی زۆر خراپدا ژیان بەڕێ دەکەن.

جێگای ئاماژەیە دەزگای خێرخوازیی بارزانی و دەوڵەتی کوێت لە ماوەی دوو هەفتەدا سێهەم کاروانی هاوکارییەکانیان گەیاندە موسڵ و لەو سێ چالاکییەدا 2250 خێزان سودمەند بوون.

# لێژنەی ناوچەی نەورۆز سەر بە لقی 16ی هەولێر کرایەوە



بە ئامادە بوونی کاکەمین نەجار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی -16ەو، و بەرپرسانی حزبی و حکومی سنورەکە و جەماوەرێکی زۆر بارەگای لێژنەی ناوچەی نەورۆز سەر بە لقی 16ی هەولێر کرایەوە.

سەرتای مەراسیمەکە بڵند ئیسماعیل لە ووتەیەکدا رۆشنایی خستە سەر ئامانجی کردنەوەی ئەم ناوچەیە لەم سنوورە و راگەیاند ناوچەی نەورۆز بۆ سنورەکە پێویستیەکی گرنگ بوو. هەر بۆیە ئەمرۆ ئەم بارەگایە دەکەینەوە بە هیواین خزمەتی دەزگا پەیوەندارەکان بکات بتوانێ ببێتە هۆکاری هاوکاری کار ئاسانی بۆ تەواوی دەزگاکان لە سنورەکە.

دواتر کاکەمین نەجار لە ووتەیەکدا پیرۆزبایی لە بەرپرسی ناوچە و ستافی ناوچەکە و دەزگا پەیوەندارەکانی سنورەکە کرد و هیوای خواست ئەم ناوچە ببێتە هۆکاری کار ئاسانی و پشتیوانی دەزگاکانی پەیوەست بەم ناوچە و راگەیاند دەبێ ستافی ئەم ناوچەیە لە گەل دەزگا پەیوەندارەکان کار ئاسانی بۆ هاووڵاتیان بکەن و ببنە هەوێنی پارساتنی ئارامی و ئاسایشی هاووڵاتیان. لە بەشێکی تری ووتەکانی کاکەمین نەجار رایگەیاند ئێمە وەک پارتی ئامانجی سەرەکیمان خزمەت کردنی هاووڵاتیانە و بۆ ئەم مەبەستەش بارەگاکانمانماڵی خەڵکی کوردستانە و دەبێ بەرپرسانی ئێمە دەرگایان واڵا بێت بۆ چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکانی هاووڵاتیان.

# لە نزیک مەخموور گرووپێکی داعش کرایە ئامانج

فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان لە سنووری قەزای مەخموور، گرووپێکی داعشیان کردە ئامانج و، بەرپرسێکی ناوچەکە دەڵێ، داعش لە سنوورەکە هەیە و مەترسییە بۆ سەر دانیشتوانی سنووری مەخموور.

فەرماندەیەکی پێشمەرگە کە نەیویست ناوی بڵاو بکرێتەوە، گوتی، شەوی یەکشەممەیە، فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان دوو جار تیرۆریستانی ڕێکخراوی داعشیان لە چیای قەرەچۆغ کردووتە ئامانج و، وەک ئەو سەرچاوەیە رایگەیاند، ئەو چەکدارانەی داعش لە نزیک گوندی عەلی ڕەشی سەربە ناحیەی قەراج کراونەتە ئامانج. گوتیشی، هێشتا زانیاری بەردەست نییە ژمارەی کوژراوانی داعش چەندە، ناوچەکە دەکەوێتە نێوانی پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان و کەسی تێدا نییە. مەسعوود نووری، بەڕێوەبەری ناحیەی مەلاقەرە، ئەو سنوورەی کە هێزەکانی پێشمەرگەی لێن، دەڵێ، لە ڕووی ئەمنییەوە سنووری ئێمە ئارامە، بەڵام هەبوونی داعش لە دەوروبەری ناوچەکە ناشاردرێتەوە و ئەو داعشانەی لە سنووری قەزای حەویجە بوون، ئێستا زیاتر ڕوویان لە دەشتی قەراجی سەر بە مەخموور کردووە، لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی ستراتیژییە و دەکەوێتە نێوان سێ پارێزگاوە، پارێزگای هەولێر و مووسڵ و کەرکووک.

به سپۆنسەری میدیایی کوردستان24 لە واشنتن

# کۆنفرانسێکی تایبەت لە بارەی جینۆسایدی کورد و هەڵەبجە ڕێکدەخرێت




بە بۆنەی سییەمین ساڵیادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و شاڵاوەکانی جینۆسایدی کوردستان، ڕۆژی سێشەممە، بە سپۆنسەری میدیایی کوردستان 24 لە واشنتن کۆنفرانسێکی تایبەت لە بارەی جینۆسایدی کورد و هەڵەبجە ڕێکدەخرێت.

کۆنفرانسەکە ڕۆژی سێشەممە 13ی ئادار/ مارسی 2018 لە لایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا و بە سپۆنسەری میدیایی کوردستان24 ئەنجامدەدرێت.

بڕیارە لەو کۆنفرانسەدا، چەندین بەرپرس، توێژەر، کۆنگرێسمان و نووسەری ئەمریکی بەشداری بکەن، لە ئاستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاشدا ئەندرو پیک، جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری عێراق و ئێران بەشداری دەکات.

کۆنفرانسەکە لە هۆڵی نیوزیەم کە سەنتەر و مۆزەخانەیەکی گرنگی رۆژنامەوانییە لە واشنتن بەڕێوەدەچێت و کوردستان 24 ڕاستەوخۆ رووماڵی دەکات.

# پۆلیسی هەولێر قۆڵبەستکردنی 43 تۆمەتباری ڕاگەیاند




بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، دەستگیرکردنی 43 تۆمەتباری ڕاگەیاند کە لە چەندین تاوانی جۆراوجۆرەوە تێوە گلاون و، بەپێی یاسای سزادانیش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ 2018/3/12 لیوای مافپەروەر عەبدولخالق تەڵعەت عوسمان، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لە پرێسکۆنفرانسێکدا وردەکاریی 23 تاوانی جۆراوجۆری بۆ میدیاکان خستە ڕوو کە 43 تۆمەتبار ئەنجامیان دابوون.

لەلایەکی دیکەوە، ناوبراو رایگەیاند: لیوا عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر، رایگەیاند، کاتژمێر 11ی رۆژی یەکشەممە، دکتۆر فەرهاد پیربال، لەسەر داوایەکی داواکاری گشتی دەستگیرکراوە و ئێستا لە بەندیخانەیە.

لیوای عەبدولخالق روونیشی کردەوە، دوای بڵاوبوونەوەی چەند گرتەیەکی ڤیدیۆیی و سووکایەتیکردن بە خەڵک، داواکار گشتی سکاڵای تۆمارکردووە.

ئاماژەی بەوەشکرد، پێشتریش دەزگا ئەمنییەکان تێبینی حاڵەتی دکتۆر فەرهاد پیربالیان کردووە، بەڵام کەس سکاڵای لەسەر تۆمار نەکردبوو بۆیە دەستگیر نەدەکرا.

بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر هیوای ئەوەشی خواست، لەو ماوەیەدا لە رووی دەروونییەوە چارەسەر بۆ دکتۆر فەرهاد پیربال بکرێت، بەو پێیەی هەندێک کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی هەیە و پێویستە رەچاوی ئەو خاڵانەی بکرێت، بۆ ئەوەی وەک کەسێکی ئاسایی و دکتۆرێکی زانکۆ بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.

روونیشی کردەوە، ئەو حاڵەی دکتۆر فەرهاد پیربالی تێدایە، دەبێت لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت و پزیشک حاڵەتەکەی دیاری بکات، ئێستاش لێکۆڵینەوەی دادگایی دەستپێکردووە و پزیشکیش پشکنینی بۆ دەکەن و دواجاریش دادوەر بڕیاری کۆتایی دەدات.

فەرهاد پیربال، نووسەر، لێکۆڵەر و مامۆستای زانکۆ، لە ساڵی 1961لە هەولێر لە دایکبووە و لە ساڵی 1984لە زانکۆی سلێمانی، خوێندنی تەواو کردووە، دوای ماوەیەک چووەتە ئەڵمانیا، ئینجا دانیمارک و دوو ساڵ لەوێ ماوەتەوە، بە زەماڵەی حکوومەتی فەرەنسا کە لەلایەن ئەنیستیتۆی کوردی پاریسەوە دابەش دەکرا، چووەتە فەرانسە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە فەرەنسا ماوەتەوە.

دکتۆر فەرهاد پیربال، کە خاوەنی زیاتر لە 70 کتێبە، هەفتەیەک دوای تەواوکردنی دوکتۆراکەی لە زانکۆی سۆربۆن، لە بواری مێژووی ئەدەبی نوێی کوردیدا لە ساڵی1994 گەڕاوەتەوە کوردستان و لە زانکۆی سەلاحەدین دامەزراوە.

| خێرایی با + مەودای بینین | بەرزترین پلەی گەرمی پێشبینی کراو | [illegible] | شارەکان | کەش |
|---|---|---|---|---|
| (5-15)کم/س مەودای بینین (10) کم | 22 | 12 | هەولێر ئاسمان ساماڵ و پەڵەهەور دەبێت . | |
| (5-10)کم/س مەودای بینین (9-10) کم | 22 | 8 | سلێمانی ئاسمان ساماڵ و پەڵەهەور دەبێت . | |
| (5-10)کم/س مەودای بینین (9-10) کم | 21 | 9 | دهۆک ئاسمان ساماڵ و پەڵەهەور دەبێت لەهەندێ شوێن دەگۆڕێت بۆ نیمچە هەور . | |
| (5-15)کم/س مەودای بینین (10) کم | 24 | 11 | کەرکوک ئاسمان ساماڵ و پەڵەهەور دەبێت . | |

# 600 خێزانی هەژار و کەمدەرامەت هاوکاری دەکرێن




لە قەزاکانی هەریر، شەقڵاوە، سۆران، مێرگەسۆر و چۆمان دەزگای خێرخوازیی بارزانی و دەوڵەتی کوێت بەمەبەستی پاڵپشتی ماددی خێزانە هەژار و کەمدەرامەتەکان هاوکارییان بەسەر 600 خێزاندا دابەش کرد. پێنجشەممە ڕێکەوتی 2018/3/8 لە درێژەی هاوکارییەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و دەوڵەتی کوێت، هاوکاری خۆراکی گەیەندرایە 600 خێزانی هەژار و کەمدەرامەتی قەزاکانی هەریر، شەقڵاوە، سۆران، مێرگەسۆر و چۆمان.

ئەم هاوکاریانەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و دەوڵەتی کوێت لە داهاتووشدا بەردەوام دەبن و تیایاندا زیاتر لە 6000 خێزانی هەژار و کەمدەرامەت لە هەرێمی کوردستاندا سودمەند دەبن.

# درێژترین پردی سەرروباری سیروان کرایەوە

**خەبات ـ سەبریە یوسف:**
بەپێی ڕاگەیەنراوی ئیدارەی گەرمیان، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی ئیدارەی گەرمیانی کرد و سایدێکی نوێی پردی گردەگۆزینەی کردوە کە دەکەوێتە نێوان ئیدارەی گەرمیان و مەرزی پەرێزخان، کەهاوکات بەدرێژترین پردی سەر روباری سیروان دادەنرێت.

وێنەیەکی ئەو ڕاگەیەنراوە بۆخەبات هاتوە بەکاریگەری قەیرانی دارایی کارەکانی کردنەوەی ئەو سایدی دوەمی گردەگۆزینە ماوەیەک ڕاگیرابوو ،لەئەمڕوە هاتوچۆکردن بەسەر ئەو پردە ئاسایی دەبێت و بەناوی شەهید حوسێن مەنسورەوە کرا کەیەکێکە لە شەهیدەکانی شەڕی دژ بەداعش.

هاوکات ئەوە روونکراوەتەوەکە لەمیانەی سەردانەکەیدا وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێم بەردی بناغەی پرۆژەی قیرتاو بۆگوندەکانی سەید خەلیل و گۆبان داناو چەند پرۆژەیەکی تری بەسەرکردەوە.

# زانکۆکانی کوردستان دەتوانن سوود لە ئەزموونی زانستی زانکۆ چیکییەکان وەربگرن



لە دیدارێکی پرۆفسۆر ئیڤان مالی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی مەساریکی چیکی بۆ کاروباری بەنێو دەوڵەتکردنی زانکۆکان و د. ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و د.سەلاح رەزا سەعید سەرۆکی زانکۆی چەرمۆ، چەندین تەوەری زانستی تاوتوێ کران، بۆ سوود وەرگرتنی زانکۆکانی کوردستان لە ئەزموونی زانستی زانکۆ چیکییەکان بە تایبەت لە رووی پێشکەوتنی ئاستی زانستی و بەنێو دەوڵەتکردنیان .

هەر لەو دیدارەدا باس لە پەرەپێدانی پەیوەندییە زانستیەکانی نێوانیان کرا، بۆ ئاڵو گۆڕ کردنی مامۆستایان و قوتابیان و پەرەپێدانی توێژینەوەی زانستی و هاوکاری کردنی زانکۆکانی کوردستان لە رووی پەروەردەی تایبەتیەوە کە زانکۆی مەساریک لەو بوارەدا پێشکەوتنێکی دیارو بەرچاوی هەیە لە نێو زانکۆ جیهانییەکاندا و بڕیار درا لەم بارەیەوە ڕێکەوتنێکی لێک تێگەیشتن لە نێوان هەردوو لادا ئەنجام بدرێت .

# لە گەرمیان هەوڵەکان چڕکراونەتەوە بۆ ئەوەی زەوی کشتوکاڵی نەبێتە بەربەستی پرۆژەکان

**خەبات ـ سەبریە یوسف**
یەکێک لە پرۆژە ستراتیژیەکانی گەرمیان، جووت سایدکردنی ڕێگەی کەلار ـ دەربەندیخان-ە، ئەگەرچی بوونی زەوی کشتوکاڵی گرفتی بۆ دروستکردوە بەڵام بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی گەرمیان دەڵێت ئیدارەی گەرمیان، ئەو گرفتە چارەسەر دەکات.

لەو بارەوە، عەدنان خەلیل، بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی گەرمیان، بەخەباتی ڕاگەیاند بەشی دووەمی پرۆژەی جووتسایدکردنی ڕێگەی کەلار–دەربەندیخان، دەستی بەکارەکانی کردوەو بودجەی پێویستیشی بۆ تەرخانکراوە.

وتیشی ئەو پرۆژەیە یەکێکە لەپرۆژە ستراتیژیەکانی گەرمیان، تاکە گرفتی پرۆژەکە ئەو زەویە کشتوکاڵیانەیە کەدەکەونە ناویەوە.

بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی گەرمیان، ڕاشیگەیاند ئەو پرۆژەیە بەگوژمەی نزیکەی 107ملیۆن دۆلار سپاردنی بۆ کراوە، بۆ چارەسەرکردنی گرفتی زەوی کشتوکاڵیش ڕێگەی ئیدارەی گەرمیان، لیژنەی پێکهێناوە.

لیژنەکەی ئیدارەی گەرمیان کاری جدی دەکا بۆ دیاری کردنی قەبارەی رووبەری زەویەکان و قەربووکردنەوەی خاوەنەکانیان.